گەڕان.. شیعری ستار ئەحمەد

هەڵکە بەسەر زامی جەرگما ..
کە خوێن رەنگی کەچبار دەگرێ "
تۆ ئەو چاوەی پڕی دەڕوانم .
ئیتر بارین لەباران ناپرسێ ..
بۆ هەناسەم دوات دەکەوم ..
دڵۆپێك با بەقەرز دەکەم "
چارەسەر بێت بۆ خنکانم .
لەوەتەی شەماڵ بۆزارە ..
لەخەونی زەردی خۆرەتاو "
دڵفڕم بۆرۆو نیگای شۆگار .
پەلەقاژەی دیدەنی تۆم ..
لەپشت دەرگای چاوەڕوانی "
لەنێو تاڵبێندی چوار دیوار .
مەلە ماسی لێدەگات و
ئاو فرمێسکی گوێ دەژمێرێ .
ترپەی دەروونم بانگ دەدا ..
لەپەرستگای تاسەکاندا "
جاێی مردنم بۆ دەدرێ .
کەتم ناسی ..
عەشق ناخمی وردو خاش کرد.
هەرچەند گەڕام ..
پارچەکانم کەکەمەوە " ..
خوێناو بەر دیدەمی دەگرت .
ساتێك دەبم بۆ رووبارێ
دەمێك دەبم بەکەرتە شاخ .
نەشیعرم چڕ دەردەکات "
نەهەناوم دەبێت بەباخ .
ئیتر نازانم بابردە ..
لەکوێ جێگەی دەبێتەوە .
ئەم زریانە تەواو نابێت ..
هەستم وشەی هەڵژاوە "
بۆپێنووس کناکرێتەوە .
لەکوێی ..؟
نسرمی شەو هەڵگرم و

رستەك ئەستێرەت بۆ بچنم .
خۆ من لە تەدا هەوەریم ..
هەتاکو کەی ـ ؟
دەست هەناگری لەکوشتنم .

ستار ئەحمەد